# سولەیمان پاشای والی بەغدا ١٧٨٠-١٨٠٢
# (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

پ.ی.د.جمال فتح الله طيب
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

م.ی. زانا طيفور عبدالصمد
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

FEDU.SE188605

دابەشکردنی عێراق لە ڕووی کارگێڕیەوە خراوەتە ڕوو.تەوەری یەکەم: باس لە ژیان و کەسێیتی سولەیمان پاشا دەکەین.

تەوەری دووەم:تایبەتە بە دەرکەوتنی سولەیمان و دەستنیشان کردنی وەك والی بەغدا.

تەوەری سێیەم: تەرخان کراوە بۆ هەڵوێستی والی سولەیمان بەرامبەر یاخی بوونی هۆزەکانی عێراق و میرنشینی بابان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی لە عێراق.

{ تەوەری چوارەم و کۆتایی: باس لە پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغداو ئەیالەتەکانی تری عێراق و دەسەڵاتی ناوەندی کراوە.

سولەیمان پاشای گەورە نزیکەی چارەگە سەدەیەك حوكمڕانی ئەیالەتی بەغدای کرد، سەردەمی ئەو والیە بە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی عێراق لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دادەنرێت، لەو کاتەی کە دەسەڵاتی وەك والی ئەیالەتی بەغدا (1780) دەست پێ دەکات و تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی دەکات، لەو ماوەیەدا توانی بەسەر هەموو هێزە نەیارەکانی سەربکەوێ و هەموو هۆزە عەرەبی و کوردییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

## تەوەری یەکەم: ژیان و کەسایەتی سولەیمان پاشای گەورە:

سولەیمان پاشا لە ساڵی 1722 لە دایك بووە، یەکێك بوو لەو مەملوکانە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە عێراق ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەو شوێنی لە دایك بوونی نادیارە.

{سەرەتا سولەیمان لەلایەن (محەمەد ئەفەندی ماردینی) کڕدراوە و بۆتە مەملوکی ئەو بەڵام دوای ماوەیەك محەمەد ئەفەندی دەمرێ و ناچار سولەیمان ڕوو دەکاتە ئەیالەتی بەغداو دەچێتە لای والی سولیمان(ئەبو لەیلە) ماوەیەك لای ئەم دەمێنێتەوە، دواتر ئەمیش لە ساڵی 1762 دەمرێ و پاشان کەسێک وەک والی نوێ بەناوی (عومەر پاشا) (1763-1775) دەستنیشان دەکرێ بۆ ئەیالەتی بەغدا، ئەم جارەش ڕوو دەکاتە لای والی نوێ

# تەوەری دووەم: ڕۆڵ و دەرکەوتنی سولەیمان لە وەرگرتنی پۆستی ئەیالەتی بەغدادا1780:-

فەرمانڕەوایەتی حەسەن پاشا لە هەژدە مانگ زیاتر نەبوو، چونکە لە ژێر گوشاری هاوڵاتیاندا بوو، بەتایبەتی لەوکاتەدا کەسێك بەناوی (محەمەد عەجەمی) توانی 10000 کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو ناوچەیەکی بەرفراوان لە دەوروبەری بەعقوبە داگیر بکات و ئاسایشی شاری بەغدا تێك بدات، هەڵسا بەهاندانی هۆزەکانی عێراق تا شۆرش لە دژی مەملوکەکان بەرپا بکەن، بەمەش ناڕەزایی خەڵك پەرەی سەندو لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی 1779.

# تەوەری سێیەم: هەڵوێستی سولەیمان پاشا بەرامبەر هۆزەکانی عێراق ((1780-1802)):-

سولەیمان پاشا کاتێ دەسەڵاتی ئەیالەتی بەغدای وەرگرت، هەوڵیدا سیاسەتێکی میانڕەو بەرامبەر هۆزە عەرەب و ناعەرەبەکانی عێراق پەیڕەو بکات، هەر کەسێك لە فەرمانی دەرچوبایەو یاخود باج و خەراجی نەدابایەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبوایە، بە یاخی بوون لە قەڵەمی دەدا، بۆیە یەکەم کاری بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتی هەوڵی کڕینی ژمارەیەکی زۆری مەملوکی دا کە نزیکەی هەزار کەس دەبوون، دەستیکرد بە پەروەردە کردنیان لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی خۆی و جگە لەوە سولەیمان لە ساڵانی 1782-1783 داوای یارمەتی لە حکومەتی بەریتانیا لە بۆمبای کرد کە بڕێك چەك و تفاقی پێبدا.

# تەوەری چوارەم: پەیوەندی نێوان ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ ئەیالەتەکانی تردا1780-1802:-

ئەیالەتی بەغدا لە گرنگترین ئەیالەتەکانی عێراق بوو، تێیدا هەموو ئەیالەتەکانی تری عێراقی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە، بۆیە بە درێژایی سەدەکانی پێشوو بەغدا بە دڵی عێراق ناسرا بوو، لە سەردەمی سولەیمان پاشادا ئەیالەتی بەغدا خاوەن نفوزو دەسەڵاتێکی زۆر بوو، ئەوەش بەهۆی بەهێزی سولەیمان لە دەسەڵاتدا کە توانیبوی هەموو جومگەکانی دەسەڵات بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.